هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی
کارگێڕی

أقليم كردستان - العراق
مجلس محافظة السليمانية
الأدارة

Kurdistan Region – Iraq
Slemani Provincial Council

ژمارە: ٣
ڕۆژ: ٢٠١٨/ ١ / ١٦

No:
Date:

ڕونیشتوو
ژمارە :
ڕۆژ : / /

بڕیاری ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠١٨

ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی لە هۆڵی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لەبەرواری (٢٠١٨/١/١٦) لەکۆبوونەوەی (٤٣) چل و سێهەمی خۆیدا بەسەرپەرشتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن و ئامادەبوونی دەستەی سەرۆکایەتی و (٢٤) ئەندام لەکۆی (٣٢) ئەندام پاڵپشت بە ماددەی (٥) لەیاسای پارێزگاکانی هەرێم بڕیاریدا بە :

یەکەم: پێشنیار دەکەین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاو سەرنجی بەریزیان لە ڕووی یاساییەوە سەبارەت بە بڕیاری ژمارە (١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥ ی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەپێ ی یاسای ژمارە (١٣٠) ی ساڵی ١٩٦٣ و ماددەی ٢٨ لە دەستوری عێراق .

دووەم: پێشنیار دەکەین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەمەبەستی هەڵپەساردن و کارنەکردن بە بڕیاری ژمارە (١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥.

سێ یەم:ئاڕاستەکردنی یاداشتی ئەنجومەنمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بە بریاری ژمارە (١٢٦) لە ٢٠١٧/١٢/٥ بە شێوەی کاتی تاوەکو بار و گوزەرانی هاوڵاتیان باشتر دەبێت.

چوارەم: پاڵپشت بە بڕگەی سێ یەم لە ماددەی نۆزدەهەم لە یاسای ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٠٩ ی پارێزگاکانی هەرێم بەمەبەستی هەڵپەساردن و کارنەکردن بە بریاری ژمارە ١٢٦ لە ٢٠١٧/١٢/٥ لەلایەن پارێزگای سلێمانی یەوە بە شێوەی کاتی تاوەکو بار و گوزەرانی هاوڵاتیان باشتر دەبێت.

پێنجەم: ئەم بڕیارە لە ڕۆژی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت.

شەشەم: ئەم بڕیارە بە دەنگی (٢٦) ئەندام پەسەندکرا لە کۆی (٢٧) ئەندام.

نازاد محمد أمين
سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی